

# پێگەی چەپ لە ئیتاڵیا و ڕزگاربوون لە دوا قەیرانی دەسەڵاتدارییەتی


عەلی مەحمود محەمەد






مالّی هاوپەیمانییەتی ئازادی




هاوپەیمانییەتی دار زەیتون ( چەپ )

ئەوەی مێژوی نوێی ئیتاڵیا بە وردی بخوێنێتەوە , کاریگەری هێزە چەپەکان بە تایبەت پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیای بە ڕۆشنی لەم وڵاتە بۆ دەردەکەوێت " گەورەترین پارتی کۆمۆنیست بوو لە دەرەوەی وڵاتانی بەناو سۆسیالستی " لە سەر سیاسەتی ئیتاڵیا , دەزانێت و بۆی دەردەکەوێت کە چ ڕۆڵ و نەخشێکی کاریگەری هەبووە لەسەر دارشتنی سیاسەتی ئەم وڵاتە گرنگە لە جیهان " یەکێکە لە 7 وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان " .

له ساڵی 1947کاتێك کۆمۆنیستەکان له هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەنگێکی زۆریان هێنایەوە , وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەخشەی ڕێگای دژ بە سەرکەوتنی پارتە کۆمۆنیستەکان لە ئەورووپا داڕشت بۆ نەگەیشتنیان بە دەسەڵات , لە ڕێگەی یەکخستنی کۆنەپارێزان و لیبراڵەکان .

مۆسۆلۆنی لە ساڵی 1919 سەرجەم بۆرژوازی وڵات و هێزە کۆنەکانی یەك خست لە ژێر پەرچەمی پارتە فاشییەکەی لە بەرامبەر نفوزی کۆمۆنیستەکان , لە ساڵی 1922 کودەتای ئەنجامدا یەکەم ئەرکی سەرکوت و کوشت و برشی بە کۆمەڵی کۆمۆنیستەکان بوو , دوایی هەر هێزی گەریلای کۆمۆنیستەکان و خەباتی جەماوەرییان , ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا لە کۆتایی هێنان و ڕوخاندنی دەسەڵاتی فاشییەت لەو وڵاته , دوا گولەی سەرکەوتن بەسەر فاشییەتدا لە تفەنگی ئەوانەوە دەرچوو , کۆمۆنیستەکان لە دوای کۆتایی جەنگ نەك بێهێز دەرنەچوون , بگرە دیسانەوە بوونە هێزێکی سەرەکی وڵات , شەقام بە دەستیانەوە بوو , لە بواری بەرهەم هێنانی فکریشدا کەسی وەك گرامشییان بەرهەم هێنا " بزووتنەوەی فاشی لە 21-3-1929 لە لایەن مۆسۆلینی 34 ساڵە دامەزرا , لە ساڵی 1922 دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت , لە ساڵی 1925 پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە ( الكتاب في عهد موسولوني – الحياة في ظل الديكتاتوّرية – ريتشارد موسورت – بيان 9715, 23-1-2007) .

لە دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی فاشییەت لە وڵات , سەرلەنوێ بۆرژوازی و هێزە نەرێتپارێز و کۆنەپەرستەکان ئیتاڵیا بە هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , بە دوای هێزێکی دیکەوە بوون تاکو خۆیان لە ژێر پەرچەمەکەی ڕێك بخەن و کۆبکەنەوە بۆ بەرگریکردن و ڕێگەگرتن لە بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیستەکان , ئەوجار لە ژێر پەرچەمی پارتی دیموکراتی کریستان خۆیان ڕێك خستەوە , ڤاتیکان و ئەمەریکا لەپشت ئەم هاوپەیمانییەتییە نا پیرۆزەوە بوون " لە ساڵی 1984 کاسۆلیك لە مەزهەبی فەرمی نەما لە ئیتاڵیا , وڵات بووە نیشتمانێکی عەلمانی .

## ئیتاڵیا وڵاتی پاپا و گەشت گوزار

ئیتاڵیا لە ساڵی 1861 یەکێتی خاکی خۆی ڕاگەیاند , دەوڵەتیی نەتەوەیی خۆیان پێك هێنا , هەرچەندە وڵاتی نەرێتپارێزی و ڤاتیکان بوو , وەك وتمان تاکو ساڵی 1984 نەبووە وڵاتێکی عەلمانی , وەلێ ئەم نیشتمانە هەر لەسەرەتاوە یەکێك بوو لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی ڕینانس , ئیتاڵیا چەندە ڕۆڵی گرنگە لە دەسەڵاتی ڤاتیکان , ئەوەندەش ڕۆڵی کارای گێڕا لە چەسپاندنی ڕۆشنگەری لە جیهاندا .

ئیتاڵیا کە چوارەم هێزی ئابووری ئەورووپایە و ئێستا حەوتەم هێزی ئابووری جیهانیشە , پاش پاشەکشەی لەبەرامبەر بە چین پێرار ساڵ کە پێشتر شەشەم وڵات بوو , ئێستا بەدەست کۆمەڵێك کێشەوە دەتلێتەوە , بە درێژایی چەندین دەیە نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن , گرنگترین کێشەکانیش بریتین لە : بوونی مافیا " مافیای ئیتاڵیا یەکێکە لە مافیا هەرە بەناوبانگەکانی جیهان " , هەروەها کۆچی نا یاسایی کێشەیەکی دیکەی ئەم وڵاتەیە , تاوانی بە نەخشە و ڕێژەی بەرزی بێکاری و ئاستی نزمی ژیان لەو کێشانەن لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت , وەلێ بە

**چارەسەرنەکراوی بە میرات بۆ حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکان دەمێنێتەوە ,هەروەها کێشەی پیری دانیشتووان , کێشەیەکی دیکەی ئەم وڵاتەیە " دانیشتوانی ئیتاڵیا بە تەمەنترین دانیشتووانی ئەوروپان ( ایلاف 10-11-2006 ) .**

**جیاوازی ئاستی ژیان و جیاوازی ئاستی پێشکەوتنی هەرێمە جوداکانی وڵات یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی وڵات , هەمیشە و هەمووەدەم هەڕەشەی مەترسیدار درووست دەکات لەسەر یەکێتی خاکی وڵات , باشووری دواکەوتووی هەژار " باشوور 20٪ بێکارە "و باکووری دەوڵەمەندی خاوەند پیشەسازی مۆدێرن " بێکاری لە سەرجەم ئیتاڵیا ڕێژەی بێکاری 7,9٪ یە بە پێی ئاماری ساڵی 2005 ".**

**" باشووری ئیتاڵیا داهاتی تاك تیایدا , دوو لەسەر سێی داهاتی تاکی ناوەڕاست و باکووری وڵاتە " .**

**" بێکاری لە بەشی باشوور دوو ئەوەندەی بەشی باکوورە , ڕێژەی لە ماوەی 20 ساڵدا گەیشتە 15٪ , نەخوێندەواری 11٪ .**

**" باشوور 36٪ دانیشتووانی وڵاتە , ژمارەی قوتابخانەکان تیایدا 50٪ باکوورە , زۆربەیان ڕوخاوو وێرانن ( الحیاة 25-10-2006 , جیان باولو اکاردو , عثابات الجریمة والسطو الاهلیة تحنق اقتصاد الجنوب ) .**

**90٪ دانیشتووانی ئیتاڵیا کریستانی کاسولیکین , لەگەڵ بوونی کەمایەتییەکی بچوکی پرۆتستانت و جو و پەنابەری ئیسلام . هەرچەندە ئیتاڵیا وڵاتی ڤاتیکانە , کەچی تەنها سێیەکی دانیشتووانی ئەم وڵاتە , سروتە ئاینییەکان بە ڕێك و پێکی ئەنجام دەدەن .**

**ڕێژەی زەوی کشت و کاڵی 26,41٪ی خاکی وڵاتە , واتا خاوەندی ڕێژەیەکی بەرزی زەوی کشت و کاڵییە , کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات 1,71 ترلیۆن دۆلار بوو لە ساڵی 2005 , ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی وڵات تەنها 0,1٪, ساڵی 2006 بەرز بوەوە بۆ 1,7٪ ( بیان 24-12-2006, الاقتصاد الایطالي یعیش عاما ایجابیا ) .**

**ئابووری ئیتاڵیا لە زوەکەوە لە قۆناغی متبووندایە , تەنانەت جار جارە دەکەوێتە ناو بازنەی پوکانەشەوە , کەمهێنانی بودجە یەکێکە لە کێشەکانی ئیتاڵیا لە یەکێتی ئەوروپا کە بە ڕێژەی3٪ دیاریکراوە , هەروەها ڕادەی بەرزی قەرزی گشتی " کەمهێنانی بودجە لە ساڵی 2005 گەیشتە 4,1٪ , قەرزاری گشتی گەیشتە 153٪ ی بەرهەمی نەتەوەییە , کۆی بەرهەمی نەتەوەیی بە ڕێژەی 1٪ ( بیان 9633 , 2-11-2006 , العجز والدین العام ینهشان جسد الاقتصاد الایطالي ) .**

**بە پێی ئاماری ساڵی 2005 , ئابووری وڵات لە نێوان کەرتەکان , بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش ببوو "کشت و کاڵ 2,1٪ , پیشەسازی 28,8٪ , خزمەتگوزاری 69,1٪ " .**

**کۆمپانیا گەورەکان لە ئیتاڵیا 15٪ هێزی کاری وڵات لە خۆ دەگرن , کەچی لە ئەڵمانیا 56٪ و لە فەرەنسا 43٪ , ئەمەش ڕۆڵی بێهێزی پرۆژە نێوەندی و بچوکەکان لە ئابووری وڵات دەردەخات .**

**ژمارەی گشتی هێزی کاری وڵات 24,49 ملیۆنە , 5٪یان لە کەرتی کشت و کاڵ , 32٪یان لە کەرتی پیشەسازی , 63٪یان لە کەرتی خزمەتگوزاری کار دەکەن , بەپێی ئاماری ساڵی (2001) .**

**جیاوازی ئاستی ژیان له نێوان هاووڵاتیان له پلەی بەرزی خۆیدایە , سەرباری بوونی جیاوازی ئاستی ژیانی ناوچە جیاجیاکان ,کە 10٪ ی هەرە هەژارترین دانیشتوانی وڵات, تەنها 2,1٪ سەروەتی وڵاتیان بە دەستەوەیە , لە بەرامبەردا 10٪ هەرە دەوڵەمەندترین 26,6٪ ی سەروەتی وڵاتیان بە دەستەوەیە .**

**حکومەتی ئیتاڵیا دەوڵەمەندە , کۆی گشتی داهاتی حکومەت لە ساڵی 2005 گەیشتە 785,7 ملیار دۆلار , وەلێ خەرجی دەوڵەت لەو برە زۆر زیاتر بوو , گەیشتە 861,5ملیار دۆلار , ئەم کەمهێنان لە بودجەیە وڵاتی تووشی گێژاوی قەیرانی توندی ئابووری کردووە , بەردەوام بەرەو ڕوی ڕەخنەی هاوپەیمانەکانی لە یەکێتی ئەورووپای دەکاتەوە , هەر ئەمەش یەکێکە لە کێشەسەختەکانی ناو خۆیی حکوومەت , , لە کاتی هەنگاو نان بۆ چارەسەرکردنی بە پێی پێویستی یەکێتی ئەورووپا , بەرەو ڕوی ڕەخنەی جەماوەری دەکاتەوە .**

**لە ڕوی بازرگانیشەوە وڵاتێکی چالاك و پێشکەوتووە , بڕی ناردەی گشتی وڵات دەگاتە 371,9 ملیار دۆلار , 13,6٪ بۆ ئەڵمانیا , 12,4٪ بۆ فەرەنسا , 7,3٪ بۆ ئیسپانیا , 4,2٪ بۆ سویسرا , 7,9 بۆ ئەمەریکا , 7,3٪ بۆ ئینگلتەرا .**

**کۆی بڕی هاوردەی وڵات دەگاتە بەهای 369,2 ملیار دۆلار , 18٪ بۆ ئەڵمانیا , 11٪ بۆ فەرەنسا , 5,9٪ هۆڵەندا ... .**

**بەم شێوەیە دەبینین بازرگانی وڵات ڕاستەوخۆ بە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ڕۆژئاواوە بەستراوەتەوە .**

**هەرچەندە ئەم وڵاتە خاوەندی پیشەسازی سەنگینە , لێ بە گەشت و گوزار و پیشەسازی پێڵاو و چەرم دەناسرێتەوە , ئەگەر لە داهاتووا چین هەرەسی پێ نەهێنێت ؟.**

## پەیامەکانی برلۆنسکی

**برلۆنسکی ئەمڕۆ هەمان پەیامی مۆسۆلۆنی لەسەر شانە , وەلێ بە شێوازێکی تازە , هەرچەندە 7 دەیە درەنگتر هاتووە , بەڵام بە شێوازێکی دیکە و لە سەردەمێکی جیاوازدا پەیامەکەی ئەنجام دەدات , لە کاتێکدا ,70٪ ئیتاڵییەکان دژ بە ناردنی سوپا بوون بۆ عێراق , ئەو بووە یەکێك لە جەمسەرەکانی هاوپەیمانییەتی دژ بە سەدام .**

**ئەمساڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی , بە هێرش بۆ سەر کۆمۆنیزم دەست پێکرد , بە مرۆڤ خۆریانی دەناساند , نموونەی لەسەرچین دەهێنایەوە , کە لە ساڵی 1948 بە دواوە , توندترین هێرش بووە کراوەتە سەر کۆمۆنیزم لە ئیتاڵیا و داکۆکیکەر بوو بێت لە نەرێتپارێزی , ڕاشکاوانە وتی : سورەکان خۆیان نەشاردۆتەوە , بە سانایی دەتوانن بگەن بە دەسەڵات .**

**لەمەش زیاتر برلۆنسکی برۆدی بەستالین ناو زەد کرد (( میشل ئەسعەد–ژمارە 134 سەوت ئەلشەعب 6–2006–5) .**

برلۆنسكی به ته‌نها خاوه‌ندی پشتگیری 70٪ ڕاگه‌یاندنی هه‌موو ئیتاڵیایه , خاوه‌ند 3 كه‌ناڵی ته‌له‌فزیۆنه , ئه‌و 3 كه‌ناڵه 40٪ سه‌یركه‌رانی ئیتاڵیایان هه‌یه (( Herald Eribune–2004-4-20 )) .

25 هه‌مین ده‌وڵه‌مه‌ندی جیهانه , له ساڵی 1993 ه‌وه , پاش گه‌یشتنی به ده‌سه‌ڵات , سه‌روه‌ت و سامانه‌كی دووجار چۆته سه‌ر , ئیمپراتۆریای برلۆنسكی به شێوه‌ی گشتی له 150 كۆمپانیا پێك دێت , یه‌كێك له‌وانه یانه‌ی به‌ناوبانگی جیهانی میلانۆی تۆپی پێیه .

لێره‌وه بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت , برلۆنسكی خاوه‌ندی هه‌ر سێ ده‌سه‌ڵاته : ((ده‌سه‌ڵاتی سه‌رمایه , ده‌سه‌ڵاتی ڕاگه‌یاندن , ده‌سه‌ڵاتی سیاسی)) .

یه‌كێك له شكسته‌كانی ئه‌و , ئه‌و ڕسواییه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی شه‌رمه‌زار كرد , له سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و كۆمپانیای په‌رمه‌لای خۆراك هه‌ره‌سی هێنا , به دوایدا به دارمانی بۆرسه‌كان ولات گه‌یشت , له ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتی برلۆنسكیدا , ئابووری ولات به ڕێژه‌ی0,3٪ گه‌شه‌یكرد , له به‌رامبه‌ردا ئابووری سه‌رجه‌م ئه‌وروپا 1,5٪ گه‌شه‌یكرد , ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی له خراپبوونی ته‌ندروستی باری ئابووری یه‌كه‌م بوو له هه‌موو ئه‌وروپا , ولاته ئابووری نه‌خۆشه‌كه‌ی یه‌كێتی ئه‌وروپا بوو .

برلۆنسكی له دوای دۆڕاندنی له هه‌ڵبژاردنه‌كان , بانگه‌شه‌ی یاخی بوونه‌وه‌ی دا , به‌وه‌ی باج نه‌ده‌ن به حكوومه‌تی چه‌په‌كان .

برلۆنسكی چه‌نده به حه‌ماسه و نزیكه له سیاسه‌ته‌كانی ئه‌مه‌ریكاوه , به پێچه‌وانه‌وه برۆدی لایه‌نگری سه‌رسه‌ختی یه‌كێتی ئه‌ورووپایه , واتا له هه‌ڵبژاردنه‌كه‌دا دڵدارانی سیاسه‌ته‌كانی ئه‌مه‌ریكا دۆڕاندیان .

سسته‌می مانگانه , بێكاری , ئاسایش گرنگیان زۆریان هه‌بوو له بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان , نه‌خۆشی ئابووری و ئه‌و كێشانه گرنگترین فاكته‌ر بوون پشتی برلۆنسكییان دا به زه‌ویدا , سه‌رباری دابه‌زینی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان كه ڕۆژ به ڕۆژ له دابه‌زینه , به تایبه‌ت له دوای هاتنی ئیرۆوه .

## سه‌رۆكێكی كۆنه كۆمۆنیست بۆ ولات

بۆ یه‌كه‌مجار له مێژووی ولاتی ئیتاڵیا , كۆنه كۆمۆنیستێك , چه‌پێكی دیموكراتیخوازی ئێستا , ده‌بێت به سه‌رۆكی ئیتاڵیا , ئه‌مه ڕوداوێكی ئاسایی نه‌بوو له مێژووی ئه‌م ولاته , به‌ڵكه موعجزه‌یه‌كی سیاسی و , كوده‌تایه‌كی ڕانه‌گه‌یه‌نراو بوو به‌سه‌ر سسته‌می سیاسی باودا ئه‌نجامدرا , ئه‌گه‌ر سه‌رده‌می كۆتایی جه‌نگی سارد نه‌بوایا , ئه‌وا تسۆنامی سیاسی و ئابووری له ئاستی جیهانی لێده‌كه‌وته‌وه .

بۆیه بوونی جیورجۆ نابولیتانۆی 80 ساڵه (( ئه‌میری سوور)) به سه‌رۆكی ئێتاڵیا , كوده‌تایه‌ك بوو كرا به‌سه‌ر سسته‌می سیاسی باوی ولات .

له كۆی 1009 ده‌نگ , 543 ده‌نگی هێنایه‌وه , 38 ده‌نگ زیاتر له ده‌نگی لیسته‌كه‌ی خۆی "629 په‌رله‌مانتار , 322 ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی پیران , 58 نوێنه‌ری هه‌رێمه‌كان " .

ئه‌میری سووری ئیتاڵیا له به‌رواری 29–6– 1925ز , له شاری نابۆلی له دایك بووه , له ساڵی 1942 ه‌وه ئه‌ندامی ده‌سته‌ی به‌رگری دژ به نازییه‌كان بوو , له قۆناغی به‌رگری دژی فاشیزمی جه‌نگی جیهانی

**دووەم , واتا لە خەباتی چەکداریی و باڵی ئەوپەڕی چەپی توندڕەوەوە دەستی پێکرد و چووە ناو ژیانی سیاسییەوە , لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بوو بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا .**

**لە ساڵی 1953 هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمان , وەك لاوترین ئەندام پەرلەمانی وڵات , لایەنگری کاری هاوبەش بوو لەگەڵ سۆسیالست و سۆسیال دیموکراتەکان , کەسایەتییەکی نەرم ڕەو بوو , سەرکردایەتی پارتی شیوعی کرد بۆ ئەوەی ببێت بە پارتی چەپی دیموکرت لە شوباتی 1991, لە ساڵانی 1992–1994 بوو بە سەرۆکی پەرلەمان , لە ساڵی 1996–1998 پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرت , لە ساڵی 1999–2004 ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپایە ( الشرق الاوسط –11-5-2006) .**

**کەسایەتییەکی جەماوەریی بە نفوز و خۆشەویستە , نەیارانی سیاسیشی ڕێزی لێدەگرن , ئینگلیزییەکی باش دەزانێت , ئەدەب دۆستێکی جدییە .**

**سەرۆکی وڵات لە ئیتاڵیا , هێمای شکۆمەندی وڵات و پارێزەری دەستوور و یەکێتی حاکی وڵاتە بۆ ماوەی 7 ساڵ , لە کاتێکدا ماسیمۆ دالیما پاڵێوراوی چەپەکان بوو بۆ سەرۆکایەتی برلۆنسکی وتی : نابێت سەرۆك کۆمۆنیست بێت , بەڵام کە ئەم دیاریکرا , هەرچەندە لە دژی دەنگیان دا لە پەرلەمان , وەلێ لە دوای دەرچوونی هەموو بە ئەمری واقع ڕازی بوون , هەرچەندە لەگەڵ دالیما لە یەك پارتیشن .**

## کۆمۆنیستێکیش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان

ئێستا لە ئیتاڵیا هەموو سەرۆکایەتییەکان بە دەست چەپەوەیە : (( سەرۆکی پەرلەمان –**سەرۆکی کۆمار–سەرۆکی وەزیران)) ((17-5-2006-د.محمد – النور- ایطالیا : ما بعد الانتخابات البرلمانیة) ,**

**بریتۆنی سەرۆکی پارتی دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوو بە سەرۆکی پەرلەمان .**

**لە دوای سەرۆکی پەرلەمانی هندستان و ئەلدۆ ڕیبیلۆ سەرۆکی پەرلەمانی بەرازیل , ئەمە سێیەم سەرۆکی پەرلەمانە , لە 3 وڵاتی زۆر کاریگەری جیهان , کۆمۆنیستەکان بە دەستی دەهێنن , لەم چەند ساڵەی دوایندا .**

**فاوستۆ برتۆنی تەمەن 66 ساڵە , لە میلانۆ لە دایك بووە , بە 335 دەنگ کرا بەسەرۆکی پەرلەمان , خۆی تەنها پێویستی بە 305 دەنگ بوو.**

**برتۆنی سێیەم سەرۆکی پەرلەمانی کۆمۆنیستە لە مێژوی ئیتاڵیا , لە دوای بیتر ئینغرو لە 1976–1979 ((1–5–2006 قاسیون –عدد 274)) .**

**فاوستی کەسایەتییەکی ڕاستگۆو قسە لە ڕووە , ڕاستگۆیانە وتی : پەشیمان نیم لەوەی لە ساڵی 1998 , حکومەتی برۆدیم ڕوخاند, ئەمجارەیان هاوپەیمانییەتییەکەمان جیایە , ئێمە بەشدارین لە بەرنامەی هەڵبژاردن , نەك تەنها لە پێك هێنانی حکومەت .**

# پارتی سەرلەنوێ بنایتنانەوەی کۆمۆنیست

پاش ئەوەی لە ساڵی 1991 , پارتی کۆمۆنیست ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی چەپی دیموکراتی , بەشێك لە حیزب جیابونەوەو بەم ناوەوە درێژەیان بە چالاکی سیاسی خۆیان دا , لە ساڵی 1998 باڵێکیان لێ جیابوەوە بەناوی پارتی کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیا , ئەوانیش لە دوا هەڵبژاردندا ڕێژەی دەنگدەرانیان چووە سەر .

هەر دەم پارتی شەقام بووە , هەموو کات ئاوێزانی ٚ داخوازەکانی هەژارانە , کاتێك لە ساڵی 2001 لە شاری جەنەوە , 300000 کەس هاتنە سەر شەقام , هەموو جیهان و سستەمی سەرمایەداریان شەرمەزار کرد , لەو ژمارەیە زیاتر لە 100000 ی ئەندامی پارتی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوون , ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بە دووەم ناڕەزایەتی جەماوەری دادەنرا لە دوای ڕاپەڕینی سیاتەلی ئەمەریکا .

لە دوا هەڵبژاردنی ئیتاڵیا , پارتی دامەزراندنەوەی کۆمۆنیزم ژمارەی دەنگدەرانی زۆر چووە سەر , یەکەم براوە بوو لە هەڵبژاردنەکان , ڕێژەی دەنگدەرانی لە 5,6٪ ەوە بەرز بوەوە بۆ 7,4٪ , ژمارەی کورسییەکانیشی لە 11 کورسییەوە گەیشتە 41 ( دیك نیکولز– هەفتەنامەی چەپی سەوز ) .

پێشتر کۆمۆنیستەکان تەنها 3 کورسییان لە ئەنجومەنی پیران و 11 کورسییان لە ئەنجومەنی نوێنەران هەبوو , بەڵام ئێستا 27 کورسییان لە ئەنجومەنی پیران و 41 کورسییان لە پەرلەمان هەیە , کە بە پێی پێشبینی ڕاپرسییەکان , پێشبینی هێنانی 20 کورسییان لێ دەکرا .

ئەم پارتە داوای ڕیشەکێش کردنی لە ڕەگەوەی نفوزی ئەمەریکا دەکات لە وڵات , واتا هەڵگرتنی سەرجەم بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ئیتاڵیا (النور–عدد 244).

شوعی و سەوزەکان داوای دەست بە جێ کشانەوەی سوپا دەکەن لە عێراق (مفکرة الاسلام 7-6-2006) , بە دەستیشیان هێنا .

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی پارساڵیشدا , کۆمۆنیستێك بوو بە حاکمی ناوچەی بولیای نەرێت پارێز لەباشوور , سەرجەم چاودێران واقیان لەم ئەنجامە وڕما , ئەم هەرێمە ناوچەیەکی نەرێت پارێزەو لەژێر کاریگەری بیری ئاینیدایە , نەك تەنها سەرۆکی هەرێم شوعییەکی ڕادیکاڵە , بەڵکە گوارە لە گوێیەکی هۆمۆشە .

NATIONAL SUMMARY OF VOTES AND SEATS

CHAMBER OF DEPUTIES

| Party | Votes | % | Seats |
|---|---|---|---|
| Casa delle Libertà | | | |
| Alleanza Nazionale | 4,706,654 | 12.0 ( 00.0) | 71 |
| Democrazia Cristiana-Nuovo PSI | 285,744 | 00.7 | 4 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Forza Italia | 9,247,791 | 23.6 | (-05.8) | 140 |
| Lega Nord | 1,768,293 | 04.5 | (+00.6) | 26 |
| Per Italia Nel Mondo | 73,289 | 00.2 | | 1 |
| Unione dei Democratici Cristiani | 2,645,745 | 06.7 | (+03.5) | 39 |
| Others | 628,896 | 01.6 | | - |
| Total | 19,356,412 | 49.5 | (+00.9) | 281 (-87) |
| **L'Ulivo** | | | | |
| Autonomnie Liberté Démocratie | 34,167 | 00.1 | | 1 |
| Comunisti Italiani | 884,912 | 02.3 | | 16 |
| Federazione dei Verdi | 783,944 | 02.0 | | 15 |
| Italia dei Valori | 901,591 | 02.3 | | 17 |
| La Rosa nel Pugno | 991,049 | 02.5 | | 18 |
| L'Ulivo | 12,350,692 | 31.6 | (+00.5) | 226 |
| Popolari-UDEUR | 544,245 | 01.4 | | 10 |
| Rifondazione Comunista | 2,229,604 | 05.7 | (+00.7) | 41 |
| Südtiroler Volkspartei | 182,703 | 00.5 | | 4 |
| Others | 555,231 | 01.4 | | - |
| Total | 19,461,138 | 49.7 | (+14.2) | 348 (+106) |
| All others | 319,271 | 00.8 | | 1 |
| Total | 39,136,821 | | | 630 |

SENATE

| Party | Votes | % | Seats |
|---|---|---|---|
| **Casa delle Libertà** | | | |
| Alleanza Nazionale | 4,234,693 | 12.1 | 41 |
| Forza Italia | 8,387,126 | 23.9 | 81 |
| Lega Nord | 1,548,821 | 04.4 | 13 |
| Unione dei Democratici Cristiani | 2,366,374 | 06.8 | 21 |
| Others | 949,242 | 02.7 | - |
| Total | 17,486,556 | 49.9 | 156 |
| **L'Ulivo** | | | |
| Democratici di Sinistra | 5,977,313 | 17.1 | 62 |
| Democrazia è Libertà | 3,664,622 | 10.5 | 39 |
| Insieme con l'Union | 1,423,226 | 04.1 | 11 |
| Italia dei Valori | 1,012,180 | 02.9 | 4 |
| Lista Cosumatori | 72,139 | 00.2 | 1 |
| L'Ulivo | 446,644 | 01.3 | 5 |
| Popolari-UDEUR | 490,203 | 01.4 | 3 |
| Rifondazione Comunista | 2,518,624 | 07.2 | 27 |
| Südtiroler Volkspartei | 152,038 | 00.4 | 5 |
| Others | 1,394,632 | 04.0 | 1 |
| Total | 17,151,621 | 48.9 | 158 |
| All others | 403,660 | 01.2 | 1 |

```
----------------------------------------------------------------------
Total                          35,041,837                  301
```

# هەڵبژاردنەکانی ئیتالّیا و پارتی کۆمۆنیست

پارتی کۆمۆنیستی ئیتالّیا هەرچەندە لە ڕووی ڕێکخستن و جەماوەرییەوە لە دوای ڕوخانی فاشییەکان , بەهێزتر بوو لە پارتی بەلشەفی ڕوسیا , بەلاّم لە جیاتی هانا بردن بۆ شۆڕش, تەسلیمی کایەی هەڵبژاردن بوو , چونکە دەیزانی کۆمەڵگەی ئیتالّیا کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە , لە کۆتاییدا شۆڕش و دەسەلاّتی زۆرە ملیّ ڕەت دەکاتەوە , هەروەك چۆن مۆسۆلۆنیان ڕەتکردەوە , بەلاّم گواستنەوەی ڕوسیا لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی دکتاتۆریی جوتیارییەوە بۆ دەسەلاّتێکی دکتاتۆری دی" دکتاتۆری پرۆلیتاریا" سانا بوو , بۆیە زیرەکانە خۆی پاراست لە کۆپیکردنەوەی شۆڕشی ڕوسی .

ئەم پارتە قەت بیری لە ئاگر بازی لە گەیشتن بە دەسەلاّت لە دەرەوەی کایەی هڵبژاردن نەکردۆتەوە , کە نەك تەنها خۆی , بەڵکە کۆمەڵگەکەشی پێوە دەسوتا , هەردەم چاوەڕوانی شەرعییەتی سیاسی کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی .

وەك لەم خشتەیە خوارەوەدا دەبیینین , لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە , تاکو ڕوخانی دیواری بەرلین , پارتی کۆمۆنیستی ئیتالّیا لە گەشەی بەردەوامدا بوەو کاریگەرترین هێزی سیاسی ولاّت بووە , جگە لە بەرنامەو فکر و تێکۆشەرییەکەی , هیچ هۆیەکی دیکە ئەندامان و جەماوەرەکەی کۆنەکردۆتەوە لە دەور و لە ڕیزەکانی .

| ساڵ | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| 1946-6-2 | ٪19 | 104 | 4,356,686 |
| 1948-4-18 | ٪35,4 | 182 | 8,137,047 |
| بەرەی دیموکراتی گەل "ساڵی 1948 لە نێوان(کۆمۆنیست+سۆسیالست+چەپ ) | | | |
| 1953-6-7 | ٪22,6 | 143 | 6,121,553 |
| 1958-5-25 | ٪22,7 | 140 | 6,704,763 |
| 1963-4-28 | ٪25,3 | 166 | 7,767,072 |
| 1968-5-19 | ٪26,9 | 177 | 8,556,751 |
| 1972-5-7 | ٪27,2 | 197 | 9,069,774 |
| 1976-6-20 | ٪34,4 | 227 | 12,620,750 |
| 1979-6-3 | ٪30,4 | 201 | 11,135,307 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1983-6-26 | ٪29,9 | 198 | 11,028,800 |
| 1987-6-14 | ٪26,6 | 177 | 10,250,644 |
| 1992-4-5 | ٪16,1 | 107 | 6,321,084 (د.چ) |
| --- | ٪5,6 | 35 | 2,201,568(ك) |
| 1994-4-27 | ٪20,4 | 115 | (د.چ) |
| ---------- | ٪6 | 40 | |
| 2001-5-13 | | 246 | زەیتون |
| -- | | 11(ك) | |
| دوا هەڵبژاردن | ٪2,3 | 16 | 884,912(یەکێتی ك) |
| ----- | 7,6 | 41 | 2,229,604 (ك) |
| --- | ٪31,6 | 226 | 12,350,692(د.چ) زەیتون |

## بەرەی ڕاست و چەپی ناوەند

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1946-6-2 | ٪35,2 | 207 | 8,101,004(د.کریستان) |
| سۆسیالست | ٪20,7 | 115 | |
| 1948-4-18 | ٪48,5 | 305 | 12,741,299(بەرەی ڕاست) |
| 1953-6-7 | ٪40,1 | 263 | 10,863,032(د.کریستان) |
| سۆسیالست | ٪12,7 | 75 | 3,441,388 |
| 1958-5-25 | ٪42,4 | 273 | 12,520,556(د.کریستان) |
| 28,4,1963 | ٪38,3 | 260 | 11,773,555(د.کریستان) |
| 1968-5-19 | ٪39,1 | 266 | 12,439,487(د.کریستان) |
| 1972-5-7 | ٪38,7 | 266 | 12,913,866(د.کریستان) |
| 1976-6-20 | ٪38,7 | 263 | 14,213,726(د.کریستان) |
| 1979-6-3 | ٪38,3 | 261 | 14,027,307(د.کریستان) |
| 1983-6-26 | ٪32,9 | 225 | 12,145,800(د.کریستان) |
| 2 پارتی سۆسیاست | 42+73 سۆسیال دیموکرات | 23 | |
| 1987-6-14 | ٪34,3 | 234 | 13,233,620(د.کریستان) |
| 1992-4-5 | ٪29,7 | 206 | 11,640,265(د.کریستان) |

لە ساڵانی 1992 دا , بە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین , سستەمی سیاسی کۆنیش لە ئیتاڵیا هەرەسی هێنا , لایەنی سیاسی نوێ پەیدا بوون , گوزارشتیان لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە قۆناغی دوای هەرەسی سۆڤییەت دەکرد , تاکو ئەم سەردەمە پارتی دیموکراتی کریستان یەکخەری هێزەکان بوو لە بەرامبەر

پارتی كۆمۆنیست و بلۆكی خۆرهەلات , وەلیٚ له دوای ئەو میژووەوە پەیامەكانی كۆتایی هات له ولات , هیزی تازه به دەموچاوی تازەو بەناوی نویەوه هاتنه ئاراوه , بۆ ئەم قۆناغەی كیشمەكیەكانی ولات .
پارتی دیموكراتی كریستان , له دوای جەنگی جیهانی دووەم , زۆریك له كۆنه فاشییەكانیان له ریزیەكانی خۆیان ریك خست , تاكه پەیامیان كۆبونەوه بوو له ژیر پەرچەمی ئەم پارتە نەریتپاریزه بۆ دژایەتیكردنی كۆمۆنیزم .

| | | |
|---|---|---|
| 1994-4-27 | 360 | له ژیر سەركردایەتی برلۆنسكی(مالّی ئازادی) |
| 2001-5-13 | 368 | (مالّی ئازادی) |
| 2006–4–11 | 281 | (مالّی ئازادی) |

ریژەی بەشداری دەنگدان له دوا هەلّبژاردنی ئەمسالیٚ , 83,2٪ بوو , له كۆی 47 ملیۆن دەنگدەر .
هەروەها له هەلّبژاردنی پارسالّی شارەوانییەكانی ئیتالّیاش , له كۆی 13 هەریم , 11هەریمیان هاوپەیمانییەتی چەپ بردییەوە (( تحالف اليسار خطوة في طريق البديل الاشتركي- مركز الدراسات الاشتراكية-مصر )).
دیاره بەهیز مانەوەی چەپی ئیتالّیا , دوو هۆكار له پشتیەوەیه , عەقلانییەتی پارتی دیموكراتی چەپ , زوو فریای گۆرانكارییەكان كەوت , چاوەروانی خوین لەبەر رۆیشتنی بەردەوامی نەكرد , هەروەها ئامادەبوونی بەردەوامی پارتی بنیاتنانەوه له شەقام , هەردووك پیكەوه دوانەكەیان تەواو كرد , له گۆران و ئامادەیی له سەر جاده , له زووەكەوه زانراوه هاوریكانی گرامشی به میشكی خۆیان بیردەكەنەوه .

## شكستی برلۆنسكی له دوا هەلّبژاردنەكاندا

برلۆنسكی به دەستكاری كردنی یاسا , دەیەویست ئەوپەری دەسەلات بۆ خۆی و پارتەكەی دابین بكات , بۆ ئەم مەبەسته دەستووریكی پیشنیار كرد , زۆرترین دەسەلات بۆ خۆی و هەریمی نفوزی هاوپەیمانەكانی دابین بكات " باكوورییەكان" , بەمانەش زەمانەتی مانەوەی له دەسەلات مسۆگەر بكات .
به پیی ئەو دەستووره پیشنیار كراوه , ولات دابەش دەكرا به سەر 20 هەریما , هەروەها دەسەلاتی سەرۆك وەزیران بەرینتر دەكرایەوه .
لەم راپرسییەدا , كه برلۆنسكی وەرەی خۆی لەسەر بنیات نابوو , له خەونی ئەوەدا بوو , برینی شكستەكانی ئەبریلی پیٚ سارێژبكاتەوه , شكستی به دەست هینا , شكستیك جەرگبرتر له شكستەكانی پیشووتری , له راپرسییەكەدا كه له كۆتایی یۆنی 2006 ئەنجامدرا , خەلك به نا وەلامیان به پرۆژەی چاكسازییەكەی دایەوه , جەماوەر به 61,6٪ به نا دەنگیان دا , 38,3٪ یشیان به بەلیٚ دەنگیان بۆ پرۆژەكه دا (1–7–2006 ئەهرامی میسری ) .

## دوا کێشەکانی ئیتاڵیا و ڕزگاری بەرەی چەپ

ڕۆژی 21–2–2007 , بەرەی چەپ لە کاتی دەنگدان بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی حکوومەت , بە لێکترازانیان دەنگی بەرەی ڕاستی بەرز کردەوە , داوای ڕوخانی حکوومەتیان کرد .

" حکوومەتی برۆدی لەسەر سیاسەتی دەرەوە تووشی قەیران هات , 2 ئەندامی پارتی کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیا و پارتی دامەزراندنەوەی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا , لە ئەنجوومەنی پیران دەنگیان بۆ بەرنامەکەی حکوومەتەکەی برۆدی نەدا , بۆ مانەوەی هێزەکانی ئیتاڵیا لە ئەفغانستان و بەرینکردنەوەی پادگانی سەربازی ئەمەریکی لە ڤیسترا لە باکووری ئیتاڵیا .

ئەمە سێیەم جارە برۆدی لە لایەن کۆمەنیستەکانەوە تووشی شکست پێهێنان دەبێتەوە , لە ئۆکتۆبەری 1997 لەسەر بودجە ڕێك نەکەوتن , لە ئۆکتۆبەری 1998 و ئەمجارەش ( ایلاف 21-2-2007- بروردي قدم استقالتة لرئيس الجمهورية في ايطاليا ) .

سەربازگەی ڤیسنیزا 2750 سەربازی تێدایە . دەیان هەزار کەس لە ڕۆژی 21–2–2007 داوای داخستنیان کرد .

سەرکردەی کۆمۆنیستەکان هەرچەندە کە بەشێکن بوون لە حکوومەتی برۆدی , ڕوو لە حکوومەت وتیان : پێویستە گوێ لە دەنگی ئاشتیخواز بگرن کە بەشێکن لە دەنگدەرانتان ( جزيرة نيت , 17-2-2007) .واتا لەناو حکوومەتەوە , داوایان کرد , گوێ لە ویستی جەماوەری ناڕازی بگرترێت .

دیارە چەپڵە لێدانی ڕاستڕەوەکان زۆری نەخایاند , تەنگژەی دەسەڵات لە لایەن چەپەکانەوە چارەسەر کرا , هاوپەیمانییەتی چەپ یەکگرتووانە بە هاوپەیماننامەیەکی نوێوە , بە ناوی بەرنامەی حکوومەتێك بۆ گۆڕانکاری نییە , خۆیان ڕێك خستەوە .

" چەپ لە سەر 12 خاڵ ڕێکەوتن بەناوی : بەرنامەی حکومەت قابلی گۆڕان نییە , تایبەت بە ڕۆشنبیری , قوتابخانە , زانکۆ , داهێنان , پێشخستن , ژێرخانی ئابووری ( جزيرة نيت 23-2-2007 ) " .